


# «کتێبی بێ ئۆقرەیی» دەقێکی بێ دەربەست

سەعید سلێمانی
(کەرەج)

«هەندێک لە مرۆڤەکان لەبەر بێ وازی، خەریکی کار کردنن، منیش جارناجارێ چونکە وتەیەکم بۆ گوتن نییە، دەنووسم، خۆم لەو خولیایانەدا نوقم دەکەم کە وێدەچێ هەر کەسێک توانایی بیرکردنەوەی هەبێت، خۆی تێیاندا نوقم بکات. خۆم لە نووسیندا بزر دەکەم، چونکە دەتوانم بە نووسینی پەخشان خولیاکانم گەشە پێ بدەم.»

زۆر جار لە ئەم لا و ئەولا و لە ئەم و ئەو گوێبیستی ئەو قسانە دەبین کە ڕێ و شوێن و چوارچێوە بۆ کاری هونەری، بەتایبەت بۆ نووسین دادەنێن و یاسای سەیروسەمەرە بۆ نووسەران دەستنیشان دەکەن. زاراوەگەلێکی وەک «خزمەت کردن بە زمان و ئەدەبیات»، «بەرپرسیاریەتی ڕۆشنبیرانە»، «ویژدانی ئینسانی» و... تاد، لەو وشە و ڕستە هەزارپاتانەن کە گوێ و زەینی ئێمەی پێ گۆش کراوە، بە ڕای من پووشێک ناهێنن.

«لە بیرۆکەگەلێکی وەک «ئەرکی هاوولاتیان»، «یەکیەتی»، «مرۆڤایەتی» و شتانی دیکەی لەم شێوەیە، وەک دەفرێکی پڕ لە گەندوگوو کە لە پەنجەرەیەکەوە بە سەرمدا هەڵڕێژن، بێزارم.»

نووسین، یان کاری هونەری، پێش هەموو شتێک خولیا و هەوڵێکی تاکەکەسیانەیە و بە هیچ زاراوە و ڕێسا و چوارچێوە و دواجاریش بە پێوەندی هیچ مرۆڤێکی دیکەوە نەبەستراوەتەوە. کەسێک خەریکی وەرزشە، یەکی دی ئێوارانی بە دۆمینە لە ناو چاخانەیەکدا تێپەڕ دەکات و یەکێک تا نیوەشەو سەرنجی فیلمی ئاوەکی تەلەفزیۆنەکان دەدات و ئەوی دی تا کۆتایی ژیانی کۆڵانگەڕی شارانە. منیش دەنووسم، چونکە حەزم لێیە، چونکە وەک سەرجەم مرۆڤەکانی دیکە دەمەوێ کارێک بکەم، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە هیچ کار نەکردن بێ و بێ واز و بێ جووڵە لەسەر قەرەوێڵەیەک بە گازەرای پشتدا بکەوم، تەنانەت توانایی بیرکردنەوەشم نەبێت.

«کتێبی بێ ئۆقرەیی» نووسراوەیەکە لەسەر خولیای تاکەکەسیانەی نووسین. دەقێکە بە بێ هەست کردن بە هیچ بەرپرسیارییەتێک هاتۆتە سەر کاغەز. «فێرناندۆ پەسوا» بە

درێژایی بیست ساڵ و بە کاوەخۆ و بە مەیلی خۆی، بەشە کورت کورتەکانی ئەو کتێبەی نووسیوە. دەقەکان پێش هەموو شتێک ڕوانینی (پەسوا)ن بۆ سەرجەم ڕەهەندەکانی «ژیان» و «بوون»، ڕوانینێکی ئازاد و بێ چوارچێوە، هەروەک ئەوەی پەسوا ئەو دەقانەی هەر تەنیا بۆ خۆی نووسیبێت و دڵنیا لەوەی کە هیچ کەسی دیکە چاوی پێیان ناکەوێت. چما بۆ ئەوە نووسراون کە نووسەر ترسی بووبێت لەوەی کە ڕۆژێک لە بیری بچێتەوە ڕوانینی سەبارەت بە فڵان دیاردە لە جیهاندا چۆنە، واتە نووسینێک لە ترسی فەرامۆشی و هەوڵێک لە هەمبەر شاڵاوی لەبیرچوونەوەدا، بەڵام سەرەڕای ئەوە پەسوا دەڵێ: «نووسین، واتە فەرامۆش کردن. ئەدەبیات دڵبزوێنترین شێوەی لەبەرچاونەگرتنی ژیانە.» ئەو ژیانەی کە ئەو دەیەوێ فەرامۆشی بکات و بایەخی بۆ دانەنێت، هەمان ژیانە کە تژی کراوە بە زاراوە بێ کەڵک و بێ بایەخەکان، هەربۆیەش پەسوا چارەیەکی دیکەی نییە جگە لە فەرامۆشی و لە بیر کردن، بەڵام لە هەمان کاتدا و لە ڕێی نووسینەوە و لە دنیای دەقدا، ژیانێکی دیکە دەخوڵقێنێ و جیهانێکی دیکە دەئافرێنێ کە تەنیا و تەنیا هی خۆیەتی و لەوێدا لە جیاتی زاراوەی پڕوپووچ و بێ ناوەڕۆک، خولیا دەور دەگێڕێت.

من لام وایە زۆربەی هەوڵە هونەرییەکانی مرۆڤ لەو هەستە دڵتەزێنەوە سەرچاوە دەگرن، واتە مەترسی فەرامۆشی کە ئەمەش هەست و کردەیەکی لە سەداسەد غەریزیانەیە و پێوەندی بە دیوی دەرەوەی مرۆڤەوە نییە، هەربۆیەش بێ بەرییە لە هەر جۆرە بەرپرسیارییەتێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و... تاد. هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ هونەردا لە دەرەوە بە سەریدا ناسەپێت، بەڵکو لە ناوەوە تەشەنە دەکات و چالاکییەکانی دەتەنێتەوە و دواجار دەیکاتە کردەیەکی لە سەداسەد تاکەکەسیانە کە ئۆخژن و سوکنایی بێ دەربەستی پێ دەبەخشێت، هەربۆیەش منەتباری هیچ زاراوەیەکی قەبە، بەڵام بێ ناوەڕۆکی دنیای دەرەوە نییە.

کتێبی بێ ئۆقرەیی دوای پەنجا ساڵ لە مەرگی نووسەر چاپ کرا، بەڵام هەر کە خوێندرایەوە ناوی نووسەر کەوتە ناو ناوان. دەقێک کە بووە هۆی ئەوەی ناوبانگی نووسەر چەند قات زیاد بکات و بیکاتە هونەرمەندێکی بێ سنوور لە ئاستی جیهاندا. بۆچی؟ بە هۆکارێکی زۆر سادە. نووسەر بە بێ گوێدان بە هیچ چەشنە ڕێسا و ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری و بە بێ هەڵوێستە بۆ هەر جۆرە قسە و قسەڵۆکێک، بۆ خولیا و دڵی خۆی دەنووسێت و وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی ئەم جیهانە خەریکی کارێکە.

نووسەر دەڵێ: «چونکە وتەیەکم بۆ گوتن پێ نییە، دەنووسم.» ڕاست دەکات. ئەو خەریکی زۆربڵێیی نییە. لە بێ دەنگی و سوکنایی خۆیدا دەنووسێت. وشەکانیشی ئەوانەن کە من و تۆ و هەزاران خوێنەری ئەم جیهانە مرۆڤانەیە سەرسام دەکەن.

پەسوام بۆیە خۆش دەوێت، چونکە لەم کتێبەدا تا سەر ئێسقان نووسەرێکی ڕووڕاستە و تەنیا و تەنیا بۆ «بێ ئۆقرەیی» خۆی دەنووسێت.

**سەرچاوە:**

**پسوا، فرناندو، کتاب دلواپسی، ترجمه جاهد جهانشاهی، تهران: نگاه، ۱۳۸۴.**